پڕۆژەی 'راگرتنی ئۆتۆمبێل لەسەر شەقام' جێبەجێ ناکرێت



وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار دەڵێت، پڕۆژەی 'راگرتنی ئۆتۆمبێل لەسەر شەقام" لە هەولێر، تەنها بۆ تاقیکردنەوەیە و ناچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

ئەمڕۆ دووشەممە، وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار لە راگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوە کرد، "سەرۆکایەتیی شارەوانیی هەولێر بەپێی یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکان، بۆ ڕێکخستنەوەی شار، شەقام و جەنجاڵی هاتووچۆ؛ لەسەر کەوانەیەکی شەقامی 60 مەتریی هەولێر، لێکۆڵینەوەی لەسەر بابەتێك کردووە، بەمەبەستی زانینی کاریگەرییەکان، بەڵام ئەم بابەتە تەنها بۆ تاقیکردنەوەیە و لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەدایە و ناچێتە بواری جێبەجێکردنەوە."